## مەحمود محەمەد ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی

# ئاستەنگی گەورەی بەردەم ماددەی ١٤٠ تاریق هاشمییه

**دیداری هەڵگورد و ئیبراهیم - هەولێر**

**● بۆ قسەکردن لەسەر بابەتە گەرمەکانی ئەمڕۆی کوردستان و عێراق، لڤین لە چاوپێکەوتنێکی رووبەڕوودا، بەڕێز مەحمود محەمەد- ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی دەدوێنێت. لەم دیدارەدا، مەحمود محەمەد وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری لڤین دەداتەوە، سەبارەت بە کۆبوونەوەکانی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی و پارتی و ئایندەی سەرۆکایەتیی حکومەت و ماددەی سەدوچل و بەرەی قاهیرە. باس لەوە دەکات کە کوردستان لەبەردەم پیلانی ناوخۆیی و دەرەکیدایەو تاریق هاشمی جێگری سەرۆك کۆماریش بە سەرچاوەی دواخستنی ماددەی سەدوچل دادەنێت.**



**لڤین: هەردوو مەکتەبی سیاسیی پارتی و یەکێتیی لە بەرواری ٦/٧ کۆبوونەوە، دەکرێت بزانین گرنگترین ئەو تەوەرانەی کە لەو کۆبوونەوەیەدا باسکران، چی بوون؟**

مەحمود محەمەد: لەبەر بوونی خەباتی هاوبەش، پێویستدەکات کۆبوونەوەی بەردەوام هەبێت، بۆ ئەوەی بەدواداچوون بۆ هەموو کارەکان بکەین و، قسە لەسەر ئەو پرۆسە سیاسییە بکەین کە لە عێراق و کوردستاندا لەئارادایەو پتر لەیەکنزیکبوون هەبێت لە هەموو ئەو رووداوە سیاسییانەی کە لە کوردستان روودەدەن، یان ئەگەری روودانیان هەیە، یەکهەڵوێستیی هەبێت. بۆ ئەوەی هاوپەیمانیەتێکی ستراتیژیی هەبێت لەنێوان پارتی و یەکێتیی کە لە ئاستی ئەو موئامەراتانەدا بێت کە لەئارادان لە دژی کوردو مافە رەواکانی.

**لڤین: باست لە بەرپەچدانەوەی موئامەرات و پیلان کرد کە لە دژی کورد لەئارادان، دەکرێت بزانین هەست بە چی کراوە لەلایەن پارتی و یەکێتییەوە؟**

مەحمود محەمەد: پیلانێکی ناوخۆیی لەئارادایە بۆ لەباربردنی ئەو بارە سیاسییە کە ئێستا لە عێراقدا هەیە، پیلان لەئارادایە کە ئەو مافانەی کە لە دەستووردا بۆ کورد چەسپاون، هەڵبوەشێنەوەو ماددەی ١٤٠ جێبەجێنەکرێت، پیلان لەئارادایە کە جارێکی دی کورد بگەڕێننەوە بۆ حاڵەتی پێش راپەڕین، پیلان لەئارادایە کە تائیفەیەکی دیاریکراو کە چەندین ساڵە لە عێراق دەسەڵاتیان لەدەست بووە، جارێکی دی دەسەڵات بگرنەوە دەست، ئەگەر بە شێوەیەکی دیموکراتییانەش نەبێت، بە پشتیوانیی موخابەراتی وڵاتانی دەوروبەرو دوورتریش، ئەم کارە بکەن.

**لڤین: باس لەوە دەکرا کە لەم کۆبوونەوەیەی ٦/٧ باس لە گۆڕینی نێچیرڤان بارزانی بکرێت، ئایا لەم کۆبوونەوەیەدا ئەمە باسکراوە؟**

مەحمود محەمەد: نەخێر، ئەوە باسنەکراوە.

**لڤین: لەبەر چی باستان نەکرد، چونکە ئەم باسە لە راگەیاندنەکان وروژێنراو بڕیاربوو باسبکرێت؟**

مەحمود محەمەد: ئەوەی راگەیاندن رایگەیاند، ئێمە مولزەم نین بەوەی جێبەجێی بکەین.

**لڤین: هەست بە دروستبوونی حەساسیەتێک دەکرا لەنێو پارتی و یەکێتیی و دەوترێت یەکێتیی وتوویەتی سورین لەسەر وەرگرتنی ئەو پۆستە، ئایا پارتی وتوویەتی ئەو پۆستە جێناهێڵم تا یەکێتیی ئەو قسەیە بکات؟**

مەحمود محەمەد: تا ئێستا لەسەر هیچ شتێك گفتوگۆ نەکراوە.

**لڤین: باس لەوە دەکرێت کە بڕیارە چارەنووسسازەکان لە کۆبوونەوەکانی مەکتەبی سیاسیی پارتی و یەکێتیی دەردەچێت، ئەنجومەنی باڵای پارتە سیاسییەکانیش کە دروستبووە، زیاتر شتێکی دیکۆرییە؟**

مەحمود محەمەد: دەبێت خەڵکی رۆشنبیرو سیاسیی ئێمە، ئەوە بزانن کە لە هەموو دنیادا ئەم شتە هەیە، کاتێك کە حیزبێك یا دوو حیزب لە پرۆسەی هەڵبژاردندا متمانەی خەڵك بە دەستدەهێنن، ئەوانیش سیاسەتی حکومەت دادەڕێژن، بۆیە مەسەلەکە پەراوێزخستن و دوورخستنەوە نییە.

**لڤین: لە راگەیاندنەکانی پارتی و یەکێتییەوە بەشداربووانی کۆنگرەی قاهیرە بە خائین وەسفکران و داوای روونکردنەوەش لە سێ لایەن کرا کە بەشدار بوون لەو کۆنگرەیە، ئەو سێ لایەنەش خاوەنی ١٠٠ کورسی پەرلەمانیین لە عێراق، ئەگەر ئەوانە خائینن بۆ لە پەرلەمان لەگەڵیاندا دادەنیشن؟**

مەحمود محەمەد: ئەوەی زیاتر گفتوگۆی لەسەر کراو ئێمە پێی نیگەران بووین، زیاتر بەشداریی یەکگرتوویی ئیسلامیی بوو، دوای ئەوە ئەو حیزبانە بوو کە لە پێش رووخانی رژێم هاوپەیمان بووین، ئەوەی کە ناوی یەکگرتووی ئیسلامی هات زیاتر لە پێناو بەخەمەوەبوونی یەکڕیزیی کورد بووە، لەلایەکی ترەوە ئێمە دەزانین کە ئەو بەرەیەی کە یەکگرتوو تیایدا بەشداریکردبوو، هیچ قازانجێکی

نەدەکرد، بەخەمەوەبوونمان بۆ یەکگرتوو بوو، ئەگەرنا لایەنی تر بەرە دروستبکەن، لامان ئاساییترە لەوەی ئێستا، چونکە یەکگرتوو بەشدارە لە پرۆسەی سیاسیی لە کوردستانو عێراقو لە پەرلەمانو حکومەتیشدا هەن. ئێمە یەکگرتوو وەکو حیزبێك سەیردەکەین کە بنکەیەکی جەماوەریی لە کوردستاندا هەیەو تا ئێستا بە میانڕەوییو شێوازێکی سیاسییانە لە گۆڕەپانی کوردستاندا چالاکیی نواندووە، بۆیە لە پێناخۆشبوونمان بووە کە ئەوان نەچنە بارێکەوە کە سوودێك وەرنەگرن، مەسەلەی بوونمان لەگەڵ لایەنەکانی دیکە، ئێمە خەمی ئەوەمانە کە دەستوورو پەرلەمانو حکومەتی عێراقی هەیەو، دەبێت ئەو عەقڵیەتەی کە پێشوو هەبوو، لێی دووربکەوینەوە کە ئەویش بەدەستهێنانی دەسەڵات بە ئینقیلاب، بە هەر شێوازێك بێت، دەبێت دەسەڵات بە شێوەیەکی دیموکراتییانە ئاڵوگۆڕبکرێت.

**لڤین: پێتوایە بە تەنها داوەتکردنی یەکگرتوو لە کوردستان، هۆکارەکەی چییە؟**

مەحمود محەمەد: لەبەر نزیکییان لە حیزبی ئیسلامیی عێراقیو پارتی دادو گەشەپێدانی تورکی، ئەوان نەیشارنەوە کە لەوان نزیکن، پارتی دادو گەشەپێدان لەژێر کاریگەریی سوپا، دژی بوونی ناوی کوردستانە، حیزبی ئیسلامیی عێراقی داوای گۆڕینی دەستوور دەکات، لە دەستووریشدا بە تایبەت ئەو ماددانەی کە پەیوەندییان بە مافەکانی کوردەوە هەیە، لەوانە: هەڵوەشانەوەی ماددەی ١٤٠و کەمکردنەوەی دەسەڵاتی هەرێمەکانو گەڕانەوەی ناسنامەی عەرەبی بۆ عێراق.

**لڤین: لە راگەیاندنەکانی یەکێتییەوە ئەوە دەورووژێنرێت کە سلێمانی پشتگوێخراوەو زۆرینەی حکومەتیش پارتی پێکیدەهێنێت، ئایا بەرنامەی پارتییە بۆ پشتگوێخستنی سلێمانی؟**

محمود محەمەد: سلێمانی بەشێکە لە کوردستان، وەك چۆن هەولێرو دهۆكو شارەکانی تریش بەشێکن لە کوردستان، نابێت هیچ جیاوازییەك هەبێت لە رووی ئاوەدانکردنەوەو خزمەتکردنی ئەو شارە لەگەڵ شارەکانی تردا، چەند ساڵێك دوو ئیدارەیی هەبوو، وەزارەتو سەرۆکایەتیی حکومەت هەبوو، لەبەرئەوە لەوێ کارەکان بەئاسانیی بەڕێوەدەچوون، بەڵام ئێستا کارەکان هاتوونەتە هەولێر، چونکە هەولێر پایتەختە، هیچ بەرنامەیەك نەك بۆ پشتگوێخستنی سلێمانی، بەڵکو بۆ هیچ شارێکی تر لەئارادا نییە.

**لڤین: گلەیی لەوە دەکرێت کە بوونی یەکێتیی لە ناوحکومەتدا زەعیفەو وەزیرەکانی بێدەسەڵاتن لەناو حکومەتدا، چونکە دەسەڵاتی ئەمنیی لە هەولێر لە دەست پارتییەو زۆر جار دەوترێت بەڕێوەبەرە گشتییەکانی پارتی لە وەزارەتەکان، بەدیلی وەزیرە یەکێتییەکانن؟**

مەحمود محەمەد: ئەوەندەی من ئاگادارم، پارتیو یەکێتیی لە ئەدای حکومەت رازیینو ئەمڕۆش بەتەواویی باس لەوە کراو لەو کۆبوونەوەیەدا چەندین وەزیر لە هەردوولا بەشداربوون، هیچ نارەزاییەك لەلایەن برایانی یەکێتیی باسنەکراوە، ئەوانەی تریش هەمووی بە رێککەوتن کارەکان ئەنجامدراون، نەك پارتی خۆی سەپاندبێت.

**لڤین: باس لەوە دەکرێت کە سەرکردایەتیی کورد بەوە رازیی بووە کە ماوەی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ درێژبکرێتەوە؟**

مەحمود محەمەد: لەم دوو کۆبوونەوەیەدا، زۆر بەڕاشکاویی باس لە کێشەو گرفتەکانی بەردەم ماددەی ١٤٠ کراوە، ئەمە لەگەڵ مالیکیو ئەمریکییەکانو بەریتانییەکان باسکراوە کە ئێمە رازیی نین ئەو ماددەیە بە هیچ شێوەیەك دوابخرێت، بەڵام ئێمە پێشنیارمان کردووە کە لیژنەی ماددەی ١٤٠ کارابکرێتو کێشە گرفتەکانی بەردەم ماددەی ١٤٠ نەهێڵرێن.

**لڤین: باس لەوە دەکرێت کە لە دوایین سەردانی نێچیرڤان بارزانی بۆ بەغدا، مالیکی ئەوەی بەڕاشکاویی وتووە کە لەگەڵ دواخستنی ماددەی ١٤٠دانو نێچیرڤان بارزانییش لەم بابەتە تورە بووەو گەڕاوەتەوە کوردستانو هاتنی مالیکییش بۆ کوردستان، بەشێکی لەبەر ئەو تورەبوونە بووە، لە یەکەم لێدوانی نێچیرڤان بارزانییشدا لە پەرلەمان لەبارەی سەفەرەکەی بۆ بەغدا، قسەکانی بێهیوایی لێدەخوێنرایەوە؟**

مەحمود محەمەد: بەپێچەوانەوە، ئەوەی ئەو شاندە بە سەرۆکایەتیی نێچیرڤان بارزانی ئەنجامیداوە، جێگەی خۆشحاڵییە، لەسەر مەسەلەی پێشمەرگەو یاسای نەوتو بودجەو ماددەی ١٤٠ مالیکی لێرەو لە بەغدا وتوویەتی کە لەگەڵ دواخستنیدا نین، زۆرینەی لیستی ئیئتیلاف لەگەڵ جێبەجێکردنی ئەو ماددەیەدان، ئەوانەی کە دژی ئەو ماددەیەن، زیاتر سوننەی عەرەبە.

**لڤین: دەوترێت بەشێکی سەردانەکەی مالیکی لەپێناو وەرگرتنی پشتگیریی بوو لە کورد، چونکە حکومەتەکەی لە فەوتاندایە؟**

مەحمود محەمەد: بەدڵنیاییەوە لە مەترسیدایە، ئەو پیلانەی کە لە میسر بە هاوکاریی کۆمەڵێك لە وڵاتانی عەرەبیو وڵاتانی تر ئەنجامدرا، حکومەتەکەی مالیکی لە مەترسیدایە، بۆیە کوردو شیعە پێکەوە هەماهەنگییان هەیەو رێککەوتنێك هەیە لەنێوانی ئێمەو ئەوان، بۆیە لای ئەو گرنگە بەردەوام کورد پشتیوانیی بکات بۆ ئەوەی ئەو ئەرکانەی کە لەسەر شانیەتی، بەتەواویی ئەنجامیبدات، هەست بە مەترسیی کراوەو پێویستی بە پشتیوانیی کورد هەیەو ئێمەش پشتیوانیی لە حکومەتەکەی مالیکی دەکەین کە حکومەتێکی یاساییە.

**لڤین: ئەو ماوەیەیی کە دیاریکرا بوو بۆ جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠، بەشێکی زۆری تەواوبووە، بۆ دواخستنیشی دەوترێت وا رێککەوتوون تا کاتی خۆی ئاشکرانەکرێت، ئەم راستییەش لەلایەن بوشەوە بە مام جەلال وتراوە، بۆیە ئەویش بەر لە تەواوبوونی کاتی سەردانەکەی گەڕایەوە کوردستانو زوو زوو دانیشتنی مەکتەبی سیاسیی پارتیو یەکێتییش بۆ ئەم مەبەستەیە؟**

مەحمود محەمەد: نەخێر، مام جەلال زۆر بەڕاشکاوانە باسی لە بابەتەکان کردووەو وتوویەتی دەبێت چی بکرێت ئەو خۆی سەرۆکایەتیی لیژنەیەکی لەئەستۆ گرتووە، بەدواداچوونی ماددەی ١٤٠، لەلایەکی دیکە ئەو ماوەیەیەی کە باسیدەکەن ئەگەر لیژنەکە کارابێت، ئاستەنگەکانی لەبەردەم لاببرێنو بەردەوامبێت لە ئیشکردن، دەتوانین بڵێین: دەتوانرێت زۆر ئیش بکرێتو، کارەکان تەواوبن بۆ جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠.

**لڤین: پێتوایە ئەم کارانە بکرێن، لە کاتێکدا زۆرترین کات رۆیشتووەو هیچ شتێکی ئەوتۆ نەکراوە؟**

مەحمود محەمەد: ئەگەر لیژنەکە وەکو پێویست ئیشبکاتو گرفتەکانی بۆ چارەسەربکرێتو، ئەو ئیمکانیەتەی کە پێویستە بخرێتە بەردەستی، دەتوانرێت بکرێت.

**لڤین: حکومەت لە دەست مالیکییەو هەموو ئیمکانیەتێکی لەدەستە، کورد خۆی بە هاوپەیمانو پشتگیری مالیکی دەزانێت، ئەوە چ هاوپەیمانییەکە کە ئیشەکانی ماددەی ١٤٠ جێبەجێناکات؟ کێ بەرپرسە لە جێبەجێنەکردنی بڕیارەکانی لیژنەی ماددەی ١٤٠؟**

مەحمود محەمەد: با من شتێك لای ئێوە باسبکەم، گێڕانەوەی قەزاکانی کە لە کەرکوك جیاکراونەتەوە، بۆ گەڕانەوەی ئەم قەزایانە پێویستی بە مەرسومی سەرۆکایەتیی کۆمارە کە ئەو قەزایانە بگەڕێنەوە سەر کەرکوك، یەکێك لەوانەی کە گرفت دروستدەکات بۆ ئەوەی ئەم مەرسومە ئیمزا نەکرێت، تارق هاشمی-یە.

**لڤین: کورد نەیتوانیوە پەیوەندییەکی دروست لەگەڵ سوننە دروستبکات، تا ئێستا گرژیی هەیە لەنێوان کوردو سوننە؟**

مەحمود محەمەد: هەوڵێك درا لەوبارەیەوەو چەند جارێك حیزبی ئیسلامیی هاتنە ئێرە لەگەڵمان دانیشتنو لە کۆتاییدا وەسیقەیەکی لێکتێگەیشتن ئامادەکرا کە هەرسێ لامان رازیی بووین کە رێککەوتنێك لەنێوان حیزبی ئیسلامییو یەکێتییو پارتی هەبێت بۆ ئەوەی بە شێك لە سوننەکان لەو بەرە ئۆپۆزسیۆنە بهێنینە دەرەوە، ئێمە وەسیقەمان ئیمزاکردو ناردمان، بۆ ئەوەی ئەوانیش ئیمزایبکەن، زۆر دواکەوت، ئێمەش لێمان پێچایەوە کە بۆچی ئەم ئیمزایە نەکراوە، تاریق هاشمی زۆر بەئاسانی وتی من رامگرتووەو نەمهێشتووە ئەو ئیمزایە بکرێت، ئێمە هەوڵی زۆرمان داوە، بەڵام بەشێك لەوانە بڕیاریانداوە کە دان نەنێن بە مافی کورددا.